# شوكردني نەسرين بەرواري

## نە پێچەوانەي شەرع و ياسايە و نەبەداب ونەريتي كوردەواريش نامۆيە.

شۆرش حەمە سەعيد

شوكردنى كچە كوردێكى بەروارى بەپياوێكى عەرەبى شەمەر، هێندەى نەدەهێنا كە لەسەرى نوسرا،چونكە بريارى ئەوكچە نەپێچەوانەى شەرعوياسايەو نەپێچەوانەى دابونەريتى كوردەواريشە ئەو يەكەم كچە كوردنيە شووى بەعەرەب كردبیٚو هێندەش خۆى گەورە نابينیٚ كە هەنديٚك لەهيچى خۆرايى گەورەيان كردووە، بەداخەوە يەكێك لە دەردەكانى كۆمەڵگەى كوردى بەزۆر گەورەكردنى كەسايەتيەكانە، من نازانم ئەوانەى لەسەر نەسرينيان نوسيووەو قسەيان لەبارەوە كردووە جگە لە كازيوە سالح كیٚ ويستوويەتى پرسێك بوروژێنیٚ لەمەر مەسەلەيەكى شەخسى وەك پرۆسەى زەواج؟ هەرگيز بەمافى خۆمى نازانم خۆم لەكێشەوبريارى شەخسى كەس هەڵقورتێنم،بەڵام هەنديك نوسين وايان لێكردم منيش لەو بارەيەوە قسەيەك بكەم بەڵام بەپيچەوانەى بيرواى هەندێكەوە كە بيحسابو لێپرسينەوە قسەدەكەن،لە راستيدا شوكردنى نەسرين كێشەى كوردنيە،بەلكو كێشەى خۆيەتىو دواجار بريارێكى شەخسييە،ئەوەش راستە ئێمە خاوەنى كێشەيەكى سياسينو بەشێكى گرنگى كێشەكەشمان پەيوەندى ڕاستەو خۆى بە عەرەبى عێراقەوە هەيە،بەڵام ئەگەرعەرەبى عێراق دەستبەردارى بيرى شۆڤينى خۆى بێتو بە لۆژيكێكى نوێو بەبيريكى كراووەوە بێتە پاى چارەسەر كردنى كێشەيەكى جدى وەك كێشەى كوردونەتەوەكانى تريش،ئيدى دەيان مەسەلەى وەك شووكردنەكەى نەسرين دەبنە مەسەلەى زۆرلاوەكىو پێم وانيە كەسێك ئاوريان لێبداتەوە، سەدانوبگرە هەزاران كچى كورد شووى بە عەرەب كردووەو ڕەنگە قەڵەم بە دەستەكان هەر ناويشيان نەزانن، ئەگەربيشى زانن دڵنيام خۆيانى تێناگەيەننو مەسەلەكە بەهەند ناگرن، بە برواى من زەواجى بەرواريش لەگەڵ عەرەبێك هيچ خەوشێكى تێدا نەدەبوو ئەگەر پرۆسەكەى ئازادى خەڵكى ترى تيدا پێشێل نەكرايە ،بەپێچەوانەوە پرۆسەى زەواج لە نێوان نەتەوە جياوازەكاندا نەك خەوشێك نيە بەڵكو دياردەيەكى سروشتيەو ئەگەر سودمەنديش نەبێت ئەوا پێم وانيە زەرەرێكى هەبێت،بەڵام واگريمان زەواجەكەى بەروارى لەگەڵ شێخێكى عەرەب نيەو لەگەڵ كوردێكدايە بەهەمان ئەوسيفەتانەى لەياوەردا هەن ئايا ئەم نوسەرە كوردانە خۆيان سەغڵەت دەكردوو كەس ستوونێكى لەسەر دەنووسى؟! لەكاتێكدا دەيان بەرپرسى حزبەپياو سالارەكان بەپيرو گەنجيانەوە دوو ژنيان هەيە، ئەى نەسرين بۆ

شووبە پیاوێك نەكات دوو ژنی هەبێت؟ ئیٚ خۆ ئەویش وەك ئەوان لەحزبێكی پیاوسالاردا بەرپرسە، ڕاستە ئەو خۆی ژنەو جارجار دەمی لەمافی ژنانیش كوتاوە، بەلام ئەویش ژنێكە وەك زۆربەی ژنەكاربە دەستەكانی ئەم وولاتە پیاوانە بیری كردۆتەوەو سیاسەتی پیاوانی پەیرەو كردووەو فەرمانبەری حزبێكی باوكسالاری وەك پارتی یە، بەبروای من زەواج كردنی بەرواری زەواجی كچێكی ئەم ولاتەیەو هیچ پرسێكی جدی ناوروژێنیٚ ئەوە نەبێت، كە حزب بۆچی فوو بە ژنانێكدا دەكاو لە قەوارەی خۆیان گەورەتر نمایشیان دەكات؟ من بەش بەحاڵی خۆم نەك هەر لایەنگری كچێك ناكەم ئامادەبێت زەواج لەگەڵ پیاوێكی دوو ژنەدا بكات، بەڵكو بە كچێكی ناهوشیارو دواكەوتووی دەزانم‌وهیوادەخوازم كچان‌و ژنانی ولاتەكەم خۆیان خۆش بویٚورێزی ئینسانیەتی خۆیان بگرن‌و بەڕووی ئەم دواكەوتوویەدا ڕاپەرن‌ولەزووترین وەختدا ئەم دیاردە ترسناك‌وناشرینە لەگۆربنێن، ئاخر وەك ئەریك فرۆم دەڵێت: كەسێك خۆی خۆش نەوێت چۆن دەتوانێت خەڵكی تری خۆش بوێت؟ بەدڵنیاییشەوە كچێك(جا باوەزیریش بێت) هێشتا لەسەرەتاكانی خۆشەویستی تێنەگەیشتبیٚ چۆن دەتوانیٚ بریار لەسەر پێكەوە ژیانێكی مۆدیرن بدا كە راستەو خۆ پەیوەندی بە ژیانەوە هەیە، شوكردنی نەسرین بەرواری نەسوكایەتیە بەكوردو نەسوكایەتیشە بە كێشە سیاسیەكەی كورد وەك هەندێك كەس دەمارگیرانە گوزارشتی لێدەكەن‌و شەرەفی كوردو سیاسەتی كورد گچكە دەكەنەوە بۆ بریاری شوكردنی كیژۆڵەیەك! نەخێر وەها شووكردنێك لەپێشەوە سوكایەتیەكی بێپەردەیە بەخودی خۆی‌و ئینجا بە پرۆسەی زەواجیش، بەلاّم من دڵنیام ڕەخنەكان لەدیدێكی كورتبینانەو دەمارگیرانەی نەتەوە پەرستیەوە سەرچاوەیانگرتووەو ئەگەر مەسەلەكە بەپێچەوانەوە بوایە، غازی یاوەر كوردبوایەو نەسرین عەرەب، پێم وانیەكەسێك لەو قەڵەم بەدەستانە بیان كردایە بەهەلاّو بیانووتایە: شەرمە سیاسیەكی كورد دوو ژنی هەبێت لەیەك كاتدا، ئاخر ئەگەر نەسرین بەرواری بەهۆی تەخشان‌و پەخشان كردن‌وسیاسەتی سەقەتی پۆست‌و پلەو پایە بەخشینی حزبەكانەوە نەبیٚ كیٚ دەیناسی‌و بۆچی  شوكردنی ئەو دەبووە كێشەی كوردو بنێشتە خۆشەی ژێردانی هەندێك  نوسەر ! من دڵنیام بەرواری خۆی خۆش نەویستووە ئەگەر وابوایە ئامادەنە دەبوو ژیان لەگەڵ پیاوێك پێكەوە بنێت خاوەنی ژنی تربێت،من تێناگەم ئەو جۆرەكەسانە وەزیروبەناو سیاسەتمەداری دەستكردی حزبەكان بەچی دەزانن؟!بەتەمان لەپەریزی سیاسەتی ئەم جۆرە وەزیرانەدا چی بەدەست بهێنن؟سیاسەتمەدارێك ئامادەبێت هەتا ئەمرۆ نەك هەربە یاساكانی بەعس كۆمەلگا بەریوەبەریٚ بەڵكو ئامادەبێت بەپیاوە

گەندەڵەكانی بەعس ئيدارە ی كۆمەلگا بكات!ئيدی چاوەروانی هەموو خراپەكارييەكی لێبكەن كە لەبەعسمان ديوە، ئەی بۆ ئەوانە هەڵوەستە لەسەر ئەو پرسە جديە ناكەن كە يەكێك لەحكومەتە كورديەكان بەرێوەبەری ديوانی وەزارەتی رۆشنبيريەكەی ئامر سرييەكی جاش بووەو پێشتر بەعس بەقاتی شاڵەوە سەرپەرشتی چەند جاشێكی ناو رەبايەكانی پێسپاردبوو كەچی ئێستا يەكێك لەحكومەتە بەناو ديموكراسييەكانی كورد چاكەتو پانتۆلی گرانبەهای لە بەركردووەو سەيارەی های مۆديلی خستۆتە ژێرو بەخۆيندەوارييەكی ترۆهاتەوە پۆستێكی لەو جۆرەی داوەتیٚوكردووەيەكی بەتەيرێكی مەعقول؟! ئايا ئەمە سوكايەتی‌نيە بەكوردو سياسەتی كوردیو خوێنی شەهيدانو شتی تريش؟! نەسرين بەرواريش وەك ئەو پياوە كۆنە جاشە هەرگيزكچی سياسەتو رۆژی تەنگانە نەبووە، تا بەرپرسيارێتی وای بخەيتە ئەستۆو ئەمرۆش رەخنەيەكی وەها جدی لەسەر مەسەلەی زەواج ومافی ژنان رووبەروبكەيتەوە ؟! هەرگيز سووچ هی ئەو نيە بەلكو هی ئەوپارتەيە نەسرين دەكاتە سومبل! ئەو ئەگەر كچی مەيدانی سياسەتوخۆپێگەياندن بوايە بۆ خزمەتی كێشەی ڕەوای ميللەتەكەی هەرگيزكارێكی ناڕەوای نەدەكرد، ئەمەنەك لەبەر ئەوەی شووی بەعەرەب كردووە نەخير بەڵكو لەبەرئەوەی مرۆڤی هوشياروسياسی ئامادەنيە ببێتە شەريكە بەشی عاتيفەی خەلكی تر، ئەوەی لە كوردەواريدا بۆژن پێی دەڵين هەوێداریوبۆ پياويش پێی دەلين پياوی دووژن،هەرگيز ئيستاشی لەگەڵدابێت پێم وانيە كەسێك هەبیٚودەم لە سياسەتوجوانتر كردنی ژيانبكوتیٚ ! ئامادەبێت ژيان لەگەلٚ كەسێكدا پێكەوە بنێت كە لەهەمانكاتدا هاوسەری هەبێت!! نەسرينيش ئەگەر ئەو سومبولە بوايە كە ئێوە داخی بۆ دەخۆن هێندە بەتالٚ نەدەبوو بيپەرژێتە سەرئەوەی گویٚ لە فشو هوڕی نێرەوەزێكی مەكبووت بگرێت؟ ئەونێرە وەزەش كیٚ بێت؟پياوسالارێكی دووژن لە باخەلٚداو شێخێكی دەمارگيرو هەوەسبازی شۆڤێنی كەلەپشت قسەكانيەوە شەروكوشتارو پێشێل كردنی مافی مرۆڤ لەوانە پێشێلكردنی مافی چارەنوسی نەتەوەكەی نەسرينو خۆیو هەويەكانيشی ئامادەن!! هەرگيز سياسيەكی جدی دەرفەتی ئەوەی نيە بير لە هەوەسبازی بكاتەوە چ جای ئەوەی كاتی بۆ تەرخانبكات! هيوادارم لەمەولا بەو چاوەوە تەماشای نەكەن كە ئێوە دەيبينن‌ولەخەياڵی خۆتاندا وێنەتان بۆ كێشاوە، بەڵكو راستی چۆنە ئاوا تەماشای بكەن ئەو نە ڕووی راستە قينەی خۆی لیٚ شاردوونەتەوە، نە درۆی كردووە، بەپێچەوانەوە ئەوەی ويستويەتی كردوويەتی خۆلاسە ئەو راست دەكاو ئێوە ڕاست ناكەن كە مەسەلەكان چۆنن ئاواناياان بينن بەڵكو چۆن بتانەویٚ ئاوا لە خەياڵی خۆتاندا وێنەيان

دەكێشن، نەسرین ئێستا شێخ ژنەو دڵنیام شانازیش بە پلەو پایەی شێخی شەمەرەوە دەكات نەك بە كورد بوونیەوە،شانازی بە میردە سێ ژنەكەیەوە دەكات نەك بەخۆیەوە! ئەوەی بەلایەوە گرنگە وەك بوكی عەشرەتێكی مەعروف دەناسرێ لەعیراقدا نەك وەك هەڵسوراوێكی بزوتنەوەی فیمینستیوخەباتكارێكی ریگای رزگاری وەك ئیوە پیناسەی وای بۆ دەكەن، باوەریش ناكەم جارێكی تر دەم لە مەسەلەی مافی ژنانو خەباتوچارەنووسیان بكوتێ، ئەو ئەوەندە توانایەتیوشەرمیشی لەكەس نەكردووە، ئەوەیشی بەلەیلازانای زانیوە سەهووبووە. ئەوەشی لەوە زیاتری لێ چاوەروان كردووە بەهەڵەداچووە.ئەو بەپێی شەرعو یاسا زەواجی كردووە شەرعێك كەرێگە بە غازی یاوەر دەدات لەپاش نەسرینیش ژنی تربێنێ، بەیاسایەكیش كە بۆ دەوڵەمەندان دەرگاكانی لەسەرپشتەو بۆهەژارانیش دەرگاكانی زیندان ئێخۆنەسرینیش لە ریزی دەوڵەمەندانداینە ،ئەو بەدابو نەریتێك زەواجی كردووە،هەموو ئەوانەی بەروو كەشو لەژێر لێوەوە ڕەخنەی لێدەگرن ،لەواقعدا نەك هەر رێزی  لێدەگرن بەڵكو ملكەچودەسەوسانیشن لەئاستیدا.